# گەنجی کورد

**چۆمان هەولێری**
zezo_hewlery@yahoo.com



لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بە تەواوی لە تێگەیشتن و هەزمکردنی گەنجی خۆیان، هەموو بوارەکانی کاری ئیداری و حکومیان خستۆتە ژێر رکێفی خودی گەنجانەوە، ئەمەش رەنگە هۆکاری ئەو ئاستەی پێشکەوتن بێت کە لەو بوارانەدا بەدەستیان هێناوە.
بەڵام بە بەراورد لەگەڵ گەنجانی وڵاتی مندا، جێگای ئەسەف و داخە!! گەنجامی کورد لەو دیوی پەراوێزەی حکوومەتدان و یاخود هەمیشە لە هەوڵی پیرکردنیدابوون و ئەوجا لەنێو پرۆسیسی ئیداری جێگایان بۆ کراوەتەوە.
ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی لاوازبوونی هەزمکردنی لاوان دەگەیەنێت لە کارنامە نوێیەکەی حکومەتدا یا روونتر بڵێین پەراوێزخستنی تواناو پێگەی گەنجە و دواتر بیرکردنەوەیە لە دۆراندنی ئەو دەسکەوتانەی کە بووەتە مایەی لاوازبوونی هەستی نیشتمانی لای بەرپرسانی کورددا.
چونکە بیرکردنەوەی گەنج هاوتای کارە نەک پارە.. کە ئەمەش ئەو مەحاڵە دێنێتە ناو بوونی گەنج بە غیبابی هەمیشە لە حکوومەت بمێنێتەوە.. دەمێکە دەمویست لەروانگای ئەورووپیەکانەوە خوێندنەوەیەک بۆ تواناو شارەزایی گەنج و پێگەی گەنجی خۆمان بکەم، بەڵام تەواوی راگەیاندن و رێکخراوە بەناو گەنجانەکانەوە ئاماریکی دروست و پلەبەندییان نییە بۆ ئەوەی کەسێک بیەوێت لەمەڕ گەنج بدوێت، وەک سەرچاوە لە نووسینەکانیدا ئاماژەی پێ بدات و بەکاری بهێنێت.